# گەنج ...تەنها پرسیاری گرەوەکانە

ئیدریس بامەندی

لێرە لە لوتکەی دەسەڵاتەوە تاکو ناوەندەکەی گەنج تەنها پرسیاری گرەوەکانەو ئەوەندەی لە کۆڕو کۆبونەوەو مێزگردو بەرنامەی کەناڵی میدیاکان و دامودەزگاکانی تری ڕاگەیاندن و کۆنگرە و کۆبونەوەکانی دەسەلات، لێکۆڵینەوە قسە لە سەر گەنج دەکرێت. باوەڕ ناکەم هیچ شتێکیتر بەم شێوەیە باسی لێوە کرابێت بەبەردەوامی، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانی گەنجانە هەموو قسەو بڕیارەکان لە وتەی بریقەداری نوسراو لە سەر ڕووپەری گۆڤار و ڕۆژنامە و لافیتەی سەر دیوارەکان زیاتر شتێکیتر نیە، خۆ ئەو قسەو باسانە ببنە مەرامیش ئەوا لە حزبایەتیەکی تەسك و تروسك تێناپەڕن. ئەی ئەگەر وانیە بۆچی گەنج لە پەراوێزدا کەم بایەخ ماوەتەوە؟ گەنج لە گیانێکی پاك و سادە خۆی خاوەنە، گەر وەك خۆی بایەخی پێبدرێت ئەوا ئەم ڕۆحیەتەی ئەوان ئاوێتەش دەبێتە ناو گیانی ئێمەی بەتەمەنەکانی ئەم کۆمەڵگایە، ئەگەر لە پێگەی پڕ فێڵی ئێمەی بە ساڵاچوەکاندا فێری ناپاکیەکان نەکرێن...دەکرێ دنیای ئەوان لە دوای خۆماندا بەهەشتئاسابێت، بەڵام ئەگەر گەنج هەمیشە شوێن پێ هەڵگری داب و نەریت و شتە کۆن و بەسەر چوو باو نەماوەکان بێت هەمیشە بکەوێتە شوێن پێی ئێمەی تاوانباران دەرهەق بە زەوتکردنی مافە کانیان کە خۆی لە چەپاندنە جۆراو جۆرو ناجۆرەکاندا دەدۆزێتەوە. ئەوا هەمیشە دەبێ لە بەر دەستی ئێمەدا چایچی و ئێشکگر و خزمەتکار و کارگەری ژێر فرمانەکانی ئێمە بن، بەبێ ئەوەی ئێمە ڕەچاوی لێهاتویی و شارەزایی و بڕوانامەی ئەوگەنجە بێدەسەلات و بێهێز کراوە بکەین.

ئەگەر بمانەوێت گەنج سەربخەین گەنج پێشبخەین دەبێ ئێمەی بەتەمەنەکان بەهەلەکانی خۆماندا بچینەوە و واز لە پاوانکردنی پیرۆزیەکانی تاك بێنین تاکو گەنجیش لەسایەی ئەم ئازادیەدا کەمێك پشوو بدات و کەمێکیش لەبەرهەمە کەی سوودمەند بێت و بتوانێت لەسایەی بەرنامە و پەروەردەیەکی نوێی سەردەمیانە خۆی ئاشنا بکات و لەدنیای واقیع بینی نزیك بکاتەوە و لەگەڵیدا تێکەڵیەك دروست بکات، بەرەو گەشەی زیاتر داهێنان و بەهرەو توانای خۆی بڕوات و ناسنامە وون بووەکەی خۆی بدۆزێتەوە کە لەسایەی ئێمەدا هەمیشە لێی وون بووە. بۆ ئەوەی ئەم نەوە نوێیە خۆی خاوەنی خۆی بێت چیتر هەست بەوە نەکات کە هەموو شتێکی لای ئێمە داگیر کراوە. کە هەر خۆشمان داگیرکەری بێرەحمی دەسکەوتەکانی نەوەکانی دوای خۆمانین لەهەندێك بواردا ...... با ئەم لە خاچدانی ئازادیە کۆتایی پێبێنین کە مانەوەی دەبێتە هۆی سەرەو ژێرکردنی جیهانی مرۆڤایەتی کە گەنج هەمیشە ئومێدی ئایندەیەکی ڕۆشنی بۆ دەخوازێت. ئەم قفڵدانی عەقل و هەڵسوکەوت و بینین و زمانی گەنج بۆچی؟

تاکەی بەدەستی ئێمە گەنج هەر ئاوا بێ دەسەلات و سەرکز و بێهێزبێت ؟ تاکەی کەسمان نەتوانین بڵێین ئەی گەنج بۆ دڵت خۆش نیە بۆچی دڵتەنگی؟ کێشەتان چیە؟لە کێشەیان بکۆڵینەوە و میکانزمی چارەسەر دەستنیشان بکەین. تاکەی دەبێ دەسەلات لە بەرامبەر خواستی گەنجاندا خاوەن گوێچکەی کەڕ و چاوی کزو زوبانی لاڵ بێت و دەریای داهاتی وشك بێت بۆ بواری خزمەتکردنی گەنجان. ئایا بەم جۆرە بەرنامەی خزمەتکردنە دەکرێ گەنج بتوانێ گەشە بە هێز و تواناکانی بدات؟ ئایا هەر بەم شێوەیە وشەی (بژی) دەکرێتە بەرنام و داینەمۆی هەڵسورانی گەنجەکان؟ بەرپرسە بالاَ و ناوەندی و مام ناوەندیەکان گەر بەچەپڵەی گەنج سەرکەون، دەبێ ئەوەش باش بزانن ئەوانە ڕۆژێك بەر بەرد بارانی گەنج کەون چاك وایە بەرپرسەکان گەنجەکان گوڵباران بکەن. گەنج لەم شێوە خزمەتکردنە سەقەتە نا تەواوە پر هەرا حزبیانە بێزارە. تاکو کۆتاییش ناکرێ هەر بەم شێوەیە دەسەلات ئاوڕ لە داهێنەر و مامۆستا و رابەر و سەرکردە و تێکۆشەرانی داهاتوومان بداتەوە کە هێزی لە بن نەهاتووی شاری لاوانن. کە لەداهاتوودا ئەوان خۆیان حاکم و دەسەڵاتدارن، لە سەردەمی ئەمڕۆماندا بەداخەوە هەندی کەس لەناو ڕێکخراو و سەنتەرەکانی لاواندا کە ئەم جۆرە ڕێکخراوانە بەناوەرۆك ڕێکخراوی حزبین، ئەوانە بۆ راوی بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەسکەوتنی برێك نەسریە و هەندێك ئیمتیازی شەخسی و سەردانی لای هەندێ بەرپرس و بۆ خۆبردنە پێش، گەنج وەپاش خستن، گەنجیان کردۆتە (دێوجام) راوی خۆیانی لەپاڵدا دەکەن، ئەگەر وانەبێت کوا کار و خزمەتکردنی ئەم ڕێکخراوانە کە کرێی مانگانەی بارەگای هەندێکیان نزیکەی یەك ملیۆن و نیو زیاتر دەبێ. کە بەچەند مانگێکیش بیست گەنج سەردانیان ناکات. لەکاتێکدا ئەگەر بەرپرس و ستاف ئەو جۆرەسەنتەرانە لەقاڵبی تەسکی حزبایەتی بێنەدەر و لەبواری کاری ڕێکخراوەیی بایەخ بەخۆیان بدەن و گەنجیش بۆ بەڕێوەبردنی ئەم جۆرە سەنتەر و ڕێکخراوانە بەر لە هەموو شتێك سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی دەوێت و دواتریش بەرپرس و ستاف ڕۆشنبیرو کارا و بەتوانا و داهێنەر و خاوەن بەهرە و خولیا و شەهادە و لێهاتو لەسەرجەم بوارە جۆراو جۆرەکانی (ڕۆشنبیری، کۆمەلایەتی، سیاسی، فەلسەفی، ڕێکخراوەیی.......هتد.

بۆ مەبەستی خزمەتکردن و بەرەو پێشبردنی دۆزی گەنج ئێمە لەم ولاَتەدا خاوەنی چەندین کێشەی بەسەریەکدا کەڵەکەبووی فرە جۆرین، کەچی کوا گەڕان بەدوای چارەسەرکردن، کوا بەرنامە و پلان کە ئەرکی حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی، ئەگەر هەر ئاوا بڕوا وابزانم حکومەتیش لە ئێمە بێئاگاترە....